هەر پێغەمبەرێک کە خوای گەورە ناردبێتی بۆ ئومەتەکانی پێش من؛ چەند هاوەڵێکی نزیکیان هەبووە کە دەستیان بە سوننەت وڕێبازەکەیەوە گرتووە وفەرمانەکانیان جێبەجێ کردووە

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر پێغەمبەرێک کە خوای گەورە ناردبێتی بۆ ئومەتەکانی پێش من؛ چەند هاوەڵێکی نزیکیان هەبووە کە دەستیان بە سوننەت وڕێبازەکەیەوە گرتووە وفەرمانەکانیان جێبەجێ کردووە، لە پاش ئەوان کەسانێک هاتن ئەوەی دەیڵێن؛ کردەوەی پێ ناکەن، وئەوەی کردەوەی پێ دەکەن؛ فەرمانیان پێ نەکراوە لە سەر ئەنجامدانی، ئەوەی بە دەست جیهاد وکۆشش بەرامبەریان بکات؛ ئەوا ئیماندارە، ئەوەی بە دەم جیهاد وکۆشش بەرامبەریان بکات؛ ئەوا ئیماندارە، ئەوەی بە دڵ جیهاد وکۆشش بەرامبەریان بکات؛ ئەوا ئیماندارە، ولە پاش ئەمەوە تەنانەت بە ئەندازەی دەنکە خەردەلێك ئیمان بوونی نییە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەر پێغەمبەرێك الله ناردبێتی لە پێش ئەو؛ ئەوا لە نێو ئومەتەکەیدا کەسانێك هەڵبژێردراون وەکو پشتیوان وتێکۆشەری دڵسۆز، وگونجاون بۆ جێنشینی لەپاش ئەو پێغەمبەرە؛ ودەستیان بە ڕێبازەکەی گرتووە، وفەرمانەکانیان جێبەجێکردووە، دواتر لەپاش ئەو پێشینە چاکە خەڵکانێك هاتن کە هیچ خێرێکیان تێدا نییە، وئەوەی دەیڵێن جێبەجێی ناکەن، وئەوەی دەیکەن فەرمانیان پێنەکراوە بە کردنی؛ بۆیە ئەوەی بە دەستی دژیان تێبکۆشێت ئەوا تێکۆشەرە -موجاهیدە-، وئەوەی بە زمانی دژیان تێبکۆشێت ئەوا موجاهیدە، وئەوەی بە دڵی دژیان تێبکۆشێت ئەوا موجاهیدە، ولە پاش ئەمە هێندەی کێشی تۆوی خەردەلێك ئیمان لە دڵدا نەماوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3480

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee